ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

## بردن و هێنانی ماڵپەڕە دڵخوازەکان.

نووسەر: @:

من بۆ خۆم هارکاتێک سەردانی ماڵپەڕێک دەکەم کە بەدڵمە، لە لیستەی ماڵپەڕە دڵخوازەکاندا Favorites، هەڵیدەگرم، لەبەر ئەوەی بۆ جاری داهاتوو کە دەمەوێ سەردانی بکەم خێراتر و ئاسانتر بیدۆزمەوە.
بەڵام هەندێک جار لەبەر ئەوەی کە ویندۆزەکەم فۆرمات دەکەم، ئەو ماڵپەڕانەش دەسڕێنەوە، پێم وایە ئەمە کێشەیەکی گشتییە.
لەم وانەیەدا چۆنیەتی بردنی ئەو ماڵپەڕانە بۆ شوێنێکی دیاریکراو و گەڕاندنەوەیان پاش فۆرمات شیدەکەمەوە، هیوادارم چارسەریەکی سەرەتایی بێت بۆ ئەو کێشەیە.
لە پرۆگرامی Internet Explorer / ئینتەرنێت دۆزەر دا کرتە بکە سەر File پاشان Import and Export،




پەنجەرەیەک دەکرێتەوە کە تێیدا نووسراوە، لە ڕێگەی تایبەتمەندی هێنان و بردن دا دەتوانی بە ئاسانی زانیاری لە ئینتەرنێت دۆزەرەوە ببەیت و بێنیت، بۆ بەردەوامبوون Next کرتە بکە.




پاشان چەند هەڵبژاردنێک دەردەکەون، Export Favorites هەڵبژێرە، لەبەر ئەوەی کە لە پێشدا دەبێ ماڵپەڕە دڵخوازەکان بنێرین بۆ نێو بوخچەیەک یان شوێنێک لە نێو کۆمپیوتەرەکەت. پاش هەڵبژاردن Next کرتە بکە.




ئەو بەشانەی دڵخوازەکان هەڵبژێرە کە دەتەوێ بیاننێریتە دەرەوە. گەر Favorites هەڵبژێریت، ئەوا هەموو ژێربوخچەکان دەگرێتەوە. واتە هەموو شتەکانی نێو دڵخوازەکان دەگرێتەوە و دەیاننێرێتە دەرەووە.




Next کرته بکه بۆ بەردەوامبوون.




وەک لە وێنەی سەرەووە ڕوونە، لە ژمارە 7 دا دەبێ ئەو شوێنە دەستنشان بکەیت کە ماڵپەڕە دڵخوزەکانی تێبچێت.
پاش دەستنیشانکردن, Next کرتە بکە.




پەنجەرەی کۆتایی هاتنی ناردن دێتە پێشەوە و کرتە بکە لە Finish بۆ تەواوبوون.
پەیامێکت بۆ دێت کە نووسراوە، ماڵپەڕە دڵخوزەکان بە سەرکەوتوویی نێردرانە دەرەووە، OK کرتە بکە.
بەو شێوەیە ناردنە دەرەووەی ماڵپەڕە دڵخوازەکان کۆتایی پێدێت و هەموو ماڵپەڕەکان لە نێو پەڕەیەک بە ناوی bookmark.htm دروست دەبێت لەو شوێنەی کە لە پێنجەمین وێنەدا هەڵتبژارد.
ئێستا زۆر بەئاسانی دەتوانی ئەو پەڕەیە (bookmark.htm) بنێریت بۆ پۆستی ئەلەکترۆنی خۆت یان لەسەر Floppy Disk / پەپکەی نەرم پاشەکەوتی بکەیت و پاش فۆرمات بیانگەڕێتنیتەوە یان لەسەر کۆمپیوتەرێکی دیکە دایانبمەزێنیت.
بۆ چۆنیەتی هێنانەوەیان پاش فۆرمات بەم شێوەیە جێبەجێ دەکرێت.
وەک هەمان دەستپێکردنی سەرەوە، File > Import and Export کرتە بکە.
پاشان Next.




ئەمجارەیان Import Favorites دەستنیشان بکە و پاشان Next کرتە بکە.




ئەو شوێنەی هەڵبژێرە کە ماڵپەڕە دڵخوازەکانی تێدایە، گەر ناردووتە بۆ بۆ پۆستی ئەلەکترۆنی خۆت، دەبێ دیسانەوە دایبگریتە نێو کۆمپیوتەرەکەت، پاش هەڵبژاردن Next کرتە بکە.




وەک جاری پێشوو کە بۆ ناردن بەشەکانی دڵخوازەکانت هەڵبژارد، هەروەها دەبێ بۆ هێنانەوەش هەمان کار جێبەجێ بکەیت.
پاش هەڵبژاردن Next کرتە بکە.




پاش ئەو هەنگاوەی سەرەوە، هێنانەوەی ماڵپەڕە دڵخوازەکان کۆتایی پێدێت و هەموو ماڵپەڕەکان دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان.




کۆتایی.

Oct 2005 13

Gulf Hurricane Relief
Help Support Health Clinics Providing Critical Aid to Evacuees.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت